# پیاوێك لێوانلێو له خەون



ئەدیب نادر

## *شاعیر

بۆ نالی

هەناسە رچیووەکانی
بە گوزەرێکی ناگەهان
بۆ پێدەشتە پەژمووردەکان راهی دەکرد
بای بێسرەوتی رادەگرت
بۆچی سەرووە زراڤەکان لە رووتوقووتی وەردەدات؟
ئاگرەکانی دەخستە نێو ئابڵووقەی سەرزەنشتی..
دیاریی رۆحی کردبووە جوگرافیای دووری خۆڵەمێش

شەقاوەكانی بە درەختی شەیداییەوە هەڵدەواسی
وشكبوونەوە دەئاڵایە خۆڵەپووتی بەژنی گیانی
دەكەوتە ئاستانەكەی سووڵتانی رۆژ
رەوێك ئەسرین
كەشتیی چاویان بۆ ئاسمانی رۆح جێدەهێشت
رەوێك شیعر
ئاسمانی بێئەندازەی غوربەتیان لێدەتەنێ
لە رەنگە بێ دەروونەكان ونیان دەكرد
دارێكی زڕ لەودیوو دەركەی شەباقەدار دەهاتە گۆ
بەرلەوەی نازی پەیڤەكان دابگیرسێن
پەڕەسێلكەی ئومێدە بەرهەڵداكانی ئەندێشە
لە ئاسۆیەكی بێ سەدا پەرتوبڵاو دەبوونەوە.

## *ڤیسارەیەكی تۆزاوی

بۆ ئۆرفیۆس

لەو خوارەوە، بە چیوە یەكانگیر دەبیت
ئاسمان نییە، گیراوی نێو دڕدۆنگییەكان بەرهەڵدا كە
قوڕاو جێپێی شەقاوەكان لە ئامێزیاندا وندەكەن
ڤیسارە تۆزاوییەكە،
لە خامۆشییەكەی دڵتەوە زوڵاڵییەكان دەخرۆشێنێ
جووڵاوەو نەجووڵاوەكان
لە دەریای ئەفسوونەكاندا گینگڵ دەخۆن
رۆخانەكان،
سەدای گۆرانییە كزو خەماوییەكان
لەنێو رەوتی بزربووندا ئاوا دەكەن
شەپۆلەكان كەسیرەو مەند
لم تاش و كەڤرەكانیش دەچنەوە سەر
ئەو رێچكە تەنیایەی بەدوای خۆتدا جێیدەهێڵی
پەڵە هەورەكانیش وەك سێبەر
سەرت دەخەنە ژێر باڵی ئەندێشەكانی تاریكی..

## *عەدەم

بۆ ئازاد ئەحمەد

رەهەندەیەك بوو سەرگەردان
بێپایان عەودالّی پەنجەرەی دلّێکی تر
بە دووی پاساریی خەیالّدا
درەختی عەدەمێکی رەسم دەکرد
دونیایەکی دی لووتکەی لەسەر قەلاّندۆشکانی دادەگرت
ئاسنی مەرگ لە سیکرابخانەی ئاوەدانیی شارەکەی
ژەنگهەلّهێنانی بیرچووبوو
ئەندێشەکانی مۆرێکی هێندە قوولّ بوون
شانیان لە شانی هەور دەدا
وەك نەیزەکێ رانەوەستاو
درزی دەخستە شەوەوەو
گولاّلەی قاقا دلّیان دەدا بە نەسرەوتن
داهۆلّی گەڕەکە دزێوەکان، سۆسەی
مالّئاواییەکی ناوەختیان کرد
عەشقێك گەرمەسێری دلّی ئەو دەپێکێ و
وەکو زراڤیی بلوێرێك
هەناسەی نەواکانی
لەنێو چۆڕاوگەی سینەدا دێنە روان..

## *خەونێکی تر

بۆ فەهمی کاکەیی

نیهالّێکی سەرگەردان بوو،
رادەوەستا
ریشەی میهری لەلای (ئاسۆ) شۆڕدەبووەوە
تیشکە چرو خەوالّووەکان
رەنگی زێڕینیان دەدا بە پەلکە رەنگینەو
ژیلەمۆی ئێوارەی شەپۆل دەیشاردنەوە
لەدوای هەنگاوە ونەکان

پریاسکەی زامێکی تازەی پڕ (ژان) دەکرد
سێبەرەکان،..
کە بە ئاقاری کاژوواژی ئێواراندا تێدەپەڕین
لە یاریکی بە ئومێدییەك دەگەوزان
ئەویش گەڵای هەمیشە تینووی چاوانی
دەوەراندە نێو لەپی با و
رەوانەی خەونێکی تازەی هاتوو دەبوو...

## *بەربوونەوە

بۆ مەریوان وریا قانیع

دیدەنییەکی تازە دایدەگیرسێنێ
بەردەبێتەوە نێو کۆشی شەیتانەکانی سەرزەمین
کە رەشایی درەختەکان
رووباری ئەفسانەکانی شاری ئێواران لێڵ دەکات
لەنێو دونیای نیگەرانیی ئەمازۆندا
چەپکێ ترپەی هەڵکشاوی فریشتەیەکە ئاسمانی
ئومێد بە گەشتێکی دیکە پەیدا دەکات
بەرەو ئەو نادیارییەی هەمیشە
دنیایەك گومانی لێ هەڵدەگرێت و
نەمرییە ئەبەدیەکان تیایدا دەمرن..
شێتییەکی دونیاییە نیازەکەی،
خودی وێڵی،
لە گۆشەی لەزەتێکی جاویدانی تاریکیدا
هەڵدەتروشکێ
هەتا دەرگای کلۆمداری خورافە بخاتە سەر پشت
چەند ساڵێکی کەم هەڵدەکات
بەڵام بۆ هەمیشە دەمرێت!!

## *جارەکان

بۆ ئەحمەدی مەلا

سێ جار کوژرا،..
جارێك خامەی منداڵییەکەی

به نهێنی له دەفتەره هەڵوەشاو و پەرتەکاندا
شیعره رامکراوەکانی حەشار دابوو
خوشکه بچکۆله نیگاو یاڵ چەمووشەکەی
له چۆمی دوورودرێژی بیرچوونەوەدا خووساندیو
له گەنجینەی سڕانەوەی رۆخدا جێما
جارێکی تر،..
دەسته وشكو رەنگاوییه
به گاڤداچووەکەی باوکه دەروێشەکەی
له تانوپۆی پەراوی سێبەرەکاندا سەقامگیر بوون
قەتارەی کەسکی کتێبه زیندەکانی
لەنێو دەمی داپچڕاوی بورکانه دەستەمۆکاندا
شۆڕکردەوه بۆ نێو بۆتەی کڵپەداری وێڵگه قەرەبرووتەکانو
بۆ خامۆشیی خۆڵەمێشه بەفرینەکانی بەجێهشت
دواجاریش،..
شاعیره گومڕاکەی دۆستی کۆڵانەکانی منداڵیی
دەفتەری ساڵگاره بێگەردەکانی غەریبییەکەی
سپارد به سۆمای ونی پۆستەبەرێکی بێنەخشه
ئەویش لەنێو مەودا دوا نەهاتووەکانی بارانستان
نەمرییه داگیرساوەکانی بەخشییه
کوژانەوەی داکردنی چاوەڕوانی.

## *گومڕایی

بۆ مەوجود سامان

مناڵێك بوو،
له یادی ئێوارەیەکی بێ ئاسۆدا
دیدەکانی دەخسته نێو بادەی له مردن نەگەیشتن
پەنجه خۆڵاوییەکانی
رووخساری رووتەڵەی دڵی نماوی خۆی
لەنێو چوارچێوەی بێڕەنگی
بای بانێژەی ئێوارەکان
رەسم دەکرد

دەترسا نەخشە جوانەکان لێی بڕەنجێن
ئاوێنە بێ سێبەرەکانی تاریکیش
بە ترپەی لاساری بڵێن
لەو شاعیرە وێڵانەی شار پترنییە
کە دڵی دایکی بە میهری
بۆ خۆڵەمێشی سەرنوێشتیان دەسووتا.

## *زەخرەفە

بۆ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا



بێشەڵانی ئەبجەدیەتە سەوزەکان
دەڕنێتەوە
رەنگی وشەکان
بەنێو وەرزە تەماوییە چەمووشەکان
تلۆردەبنە خوارەوە
بەرەو فەزایەکی رندی بێتانوپۆ
باڵی پێواری مانا ئاوەڵادەکەنەوە
ئامێزی ئەڵماسیی ئەستێرەیەکی بە ترپە
دەیانڕفێنێ و
مافووری دالدەی رۆحێکیان
بۆ پڕ دەکات لە زەخرەفە
ئاژاوە پڕ لە ئۆقرەکان
بەرەو وێستگای ئێوارە نیگەرانەکان بەڕێی دەخەن
کە دەگاتە سەرقەراخی ئەو رووبارە شێتۆکەیە
وڕێنە شۆڕەوەبووەکان دەتەکێنێ
پووکیەکان لێوانلێو دەکەن.